### ئاشنایی لە گەڵ بەنێوبانگەکاندا

# تۆماس ئالوا ئیدیسۆن

وەرگێڕانی: سەید جەلال صالحی

تۆماس ئالوا ئیدیسۆن پیاوێك بوو، بە توانایییەکی سەر سوڕهێنەرو شانسی ئەوەشی بوو کە لە کاتێکی لەبارو باش دا، لە دایك ببێ و بێتە دونیاوە. بە دوای شەڕەکانی لێك جیابوونەوەی ئامریکا، ئەم وڵاتە لە حاڵی گەشەکردن دا بووە، ناوچە تازەکانی رۆژئاوای ئامریکا ئاوەدان دەبۆوە، حەشیمەت لە حاڵی زۆربوون دابوو، هێڵی ئاسن و تێلگراف، بەشە جۆراوجۆرکانی وڵاتی بە یەکەوە گرێ دەداو بارودۆخ بۆ گەشەکردنی لێهاتوویی تاکیوەك ئیدیسۆن لەبار بوو.

بنەماڵەی باوکی ئیدیسۆن لە سەرەتاکانی سەدەی هەژدەهەمی زایینییەوە، لە وڵاتی هوڵەند هاتبوونە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئامریکا. دواتر بنەماڵەکەی بەرەو وڵاتی کانادا، کۆچیان کردو لەوێ باوکی تۆماس واتە، ساموئێل ئیدیسۆن لە گەڵ "نانسی ئەلیوێت" کە مامۆستاو لە بنەماڵەیەکی ئیسکاتلەندی بوو و باوکیشی پۆستی وەزارەتی هەبوو، زەماوەندی کرد. ساموئێل ئیدیسۆن، لە شۆڕشی ساڵی ١٨٣٧ی زایینی، کانادایییەکان دژی ئینگلیستان بەشداری کرد. کاتێك ئەم شۆڕشە شکستی خوارد لە رێگای چۆلەوانی و غەیرە نیزامییەوە خۆی گەیاندە "میلان" لە ئۆهایۆ. لەوێ لە گەڵ بنەماڵەکەی یەکیان گرتەوەو هەر لەو شارەدا بوو کە تۆماس ئالوا ئیدیسۆن ئاخرین و حەوتەمین منداڵی ساموئێل لە ساڵی ١٨٤٧ی ز دا هاتە دونیاوە. تۆماس منداڵێکی زیپت و بە وریاییەکی بێ وێنە و لە رادە بەدەر بووە، تەنانەت لەتەمەنی مێر منداڵی دا، ئەوینداری خوێندنەوەو تاقیکردنەوەو لێکۆڵینەوە بوو. لە گەڵ ئەوەش دا منداڵێکی خەیاڵاوی و رۆمانسی بوو، کاری بە کاری کەس نەبوو. بە خاتری ئەوەی کە کاتی خۆی یەکێك لە مامۆستاکانی تۆماس، بە ئەحمەق و کەم ئەقڵ و هۆش بانگی کردبوو، دایکی بە بیستنی ئەو مەسەلەیە، بە ئەندازەیەك پێی ناخۆش دەبێ کە ئیتر کوڕەکەی نەنارده قوتابخانە و بۆ خۆی بە تەنیایی قۆڵی هیمەتی لێ هەڵماڵی و دەستی بە راهێنانی تۆماس کرد و خوێندنەوەو نووسینی مێژوو و زانست و فەلسەفەی فێر کرد.

ئیدیسۆن زۆر بە توندی دەستی بە خوێندن کردو هەرچیەکیشی دەخوێند و دەیبیست بە مێشکی دەسپارد و بیرێکی بەهێزی هەبوو. جارێکیان بڕیاری دا لە یەکەمین تراوێلەی کتێبخانەیەکی گەورە دەست بە خوێندنەوە بکات و هەموو کتێبەکانی بخوێنێتەوە. بەڵام بە دوای خوێندنەوەی بەشێك لە کتێبەکان وازی لەم کارە گەورەو قورسە هێنا.

ئیدیسۆن بۆ ئەوەی پوولێکی باش بەدەست بێنێ، بۆ کڕینی کتێب و کەرەسەی پێویست بۆ تاقیکردنەوەکانی زانستیی خۆی، دەستی بە داچاندنی سەوزیجات لە نێو باخچەیماڵەکەی دا کردو دەیفرۆشتن. هەرچەند بەم کارەش پوولێکی ئەوتۆو بە ئەندازەی پێویستی وەدەست نەکەوت. هەر لەم رووەوە، لە شەمەندەفەرێك کە لە نێوان "میشیگان" و "دیترویت" لە

هاتووچۆ دابوو، دەستی بە فرۆشتنی ئاوی نەبات کرد. لە ماوەیەکی کورت دا، توانی دوو کەس دامەزرێنێ، تا ئەو کاتەی کە بۆ خۆی لە شەمەندەفەرکەدا سەرقاڵی کارە، سەوزیجاتی بۆ بفرۆشن. لە گەڵ ئەوەش دا، کە خەڵك زۆر هۆگری بیستنی هەواڵەکانی سەبارەت بە شەڕەکانی لێك جیا بوونەوە بوون کە لەو کاتدا، گەیشتبووە لەتکەی خۆی. تۆماس لە فێوریەی ١٨٦٢ی ز، کە تەمەنی ١٥ ساڵ بوو، بڕیاری دا کە بۆ خۆی رۆژنامەیەك بە نێوی "ویکلی هرالد" (تریبوونی حەوتووانە)، لە واگۆنی بارهەڵگری ئەو شەمەندەفەرەی کە تێیدا کاری دەکرد، چاپ بکات. لە ماوەیەکی کەم دا، تیراژی ئەو رۆژنامە چووکەیە گەیشتە ٨٠٠ دانە لە حەوتوودا. ناوبراو بەشێك لەهەواڵەکان لە وێسگەی شەمەندەفەرەکە، پێش لە گەیشتنی بە هۆی "مۆرس"ەوە، بەڕێی دەکردو لە هەمان کاتدا رایدەگەیاند کە دەتوانن هەواڵەکان لە رۆژنامەی "وێکلی هێراڵد" بە تەواوەتی بە دەست بێنن و لەو رێگایەوە خەڵکی هان دەدا کە رۆژنامەکەی بخوێننەوە لەم رێگایەوە لە ماوەی ٤ ساڵ دا توانی ٢٠٠٠ دۆلار وەدەست بێنێ.

ئیدیسۆنی لاو، لە کاتی کارکردن لە شەمەندەفەر، درێژەی بە تاقیکردنەوەکان داو لە واگۆنی هەڵگری کەرەسەکانی نێو شەمەندەفەرەکەوە، تاقیگەیەکی دانا. رۆژێکیان تێکەیەکی چووکەی "فسفۆر" کەوتە تەختایی واگۆنەکەو بووە هۆی ئاورگرتنی واگۆنی شەمەندەفەرەکە. بەرپرسی شەمەندەفەرەکە، بە شێوەیەك تووڕە بوو کە تەواوی کەل و پەلی نێو تاقیگەکەی بە هەموو شتێکەوە لە وێستگەی پێشیانەوە، بۆی فڕێ دانە دەرەوە لە شەمەندەفەرەکەو زللەیەکیشی لێدا. بە چەشنێك توندی لێدا کە بووە هۆی زەربە وێکەوتنی گوێی بۆ هەمیشە بە شێوەیەك کە ئیدیسۆن گوێی راستی لە دەست دا، واتە کەڕ بوو.

رۆژێکیان کە ماوەیەکی زۆر لە بڵاوبوونەوەی رۆژنامەکەی تێ نەپەڕیبوو، ئیدیسۆن (تام)، لە وێستگەی منداڵێکی دیت کە لە سەر رێگای ئاسن لە بەرامبەر شەمەندەفەرێك لە وێستگەکە نزیك دەبۆوەو یاری دەکرد. ئیدیسۆن لە سەکۆی وێستگەکەوە، خۆی فڕێ دایە خوارەوەو منداڵەکە، کە هێندەی نەمابوو بکەوێتە ژێر شەمەندەفەرەکەوە، رزگاری کرد. ئەزقەزا ئەل، باوکی منداڵەکە، شانسی ئیدیسۆن بەرپرسی وێستگەکە بوو. بەو کارەی ئیدیسۆن کە منداڵەکەی رزگار کردووە، بە ئەندازەیەك خۆشحاڵ بوو کە وەکوو رێزلێنان پێشنیاری بە تام کرد کە چۆنیەتی کارکردن بە تێلگرافی فێر بکا تاکوو ببێتە ئۆپێراتۆری (کاربر) تێلگرافەکە. باوکی منداڵەکە ٤ رۆژ لە حەوتوودا بە دوای تەواو بوونی کار، شەوانە وانەی پێ دەگوتەوەو لە ماوەی سێ حەوتوودا، ئیدیسۆن بووە تێلگرافچی و بە رادەیەك لە کارەکەی دا سەرکەوتوو بوو کە پێش مامۆستاکەی کەوتبوو. دواتر داوای لێکرد کە لە "پۆرت هۆرتۆن" وەك ئۆپێراتۆری شەوانەی تێلگراف دابمەزرێ. لەو کات دا تام تەنیا ١٦ ساڵی بوو و وردە وردە ئۆگرییەکی لە رادەبەدەری بە کار کردن لەو تاقیگەیەی کە لە ماڵی خۆیان دانابوو، لە خۆی نیشان دەدا، تا ئەو جێگایە کە زۆرترین سەعاتەکانی رۆژی بە تاقیکردنەوەکانی دەبردە سەرو نەیدەتوانی شەوانە تا درەنگانێك بە خەبەر بێت و کار بکات، تا وای لێهات لە ماوەیەکی کورت دا، کارەکەی لە دەست دا. ئیدیسۆن سەرەڕای کەم تەمەنی، کوڕێکی قورس و قایم و لە سەرەخۆ و سەربەخۆش بوو. هەر لە کاتەش دا، کەسێکی ماندوویی نەناس و هەڵسووڕ و نیسبەت بە چۆنیەتیی

هەڵبژاردنی جلوبەرگ و رواڵەتی خۆیەوە بێ سەلیقە بوو و زۆر بۆی گرینگ نەبوو. ئیدیسۆن دەستی بە گەڕان لەم شار بۆ ئەو شار کردو لەو نێوەش دا، زوو زوو کارەکەی دەگۆڕی. کارو کردەوەو سەلیقەکانی بە شێوەیەك سەر سوڕهێنەرن کە خاوەن کارەکانی زۆریان خۆش نەدەویست، هەر ئەوە دەبووە هۆی ئەوە کە زۆر جاران لە سەر کاری وەدەرنێن. لەو ماوەدا، ناوبراو لە شارەکانی "ایندیانا پولیس"، "سین سیناتی"، "ممفیس" و "لوئیزویل" سەرقاڵی کار کردن بووە. دواتر ئیدیسۆن گەڕایەوە ماڵی خۆیان و دەستی بە کارکردن لە سەر دەزگایەکی تێلگراف کرد کە ئۆگرییەکی لە رادەبەدەری پێی بوو. ئیدیسۆن لە گەڵ یەکێك لە دۆستەکانی، لە نێوان ماڵەکانیان هێڵێکی تایبەتی تێلگرافیان کە لە چەند دانە بۆڕی (لوولە)، وایەر (سیم) و چەند دانە شووشە دروستیان کردبوو، دانا، کە بە باشی ئیشی دەکرد. بەڵام لە بێ شانسی ئیدیسۆن لە نیوە شەوێك دا، مانگایەکی بێ خاوەن و سەرگەردان کە لە گەڕەکی ئەواندا دەگەڕا، خۆی لە وایەرەکان دەدات و بریندار دەبێ. باوکیشی دەست بە جێ هەموو کەلوپەلەکانی پێ خڕ دەکاتەوە. بە دوای ئەو رووداوەدا، ئیدیسۆن دەچێتە بۆستۆن. بۆچی؟! چونکە قەولیان پێ دابوو کە وەك تێلگرافچی دیمەزرێنن. هۆیەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ نووسینی نامەیەکی جوان و رێك و پێك و رازاوە بە خەتێکی جوان کە داوای کاری کردبوو. تام لە گەڵ ئەو هەموو زانایی و لێهاتوویی‌یەی، دەست خەتێکی جوانیشی هەبووە. (وەرگێر) کاتێك گەیشتە بۆستۆن و خۆی گەیاندە جێگای مەبەست و بەرپرسی تێلگرافخانەکە، کە چاوی بە ئیدیسۆن کەوت، واقی وڕما! سەرو وەزعێکی شێواو و شلختە و پلختە و جلوبەرگێکی نارێك و پێك، زۆر سەیری هاتە بەر چاو. دیارە ئیدیسۆن هێندەی ئێهتمام بە وەزعی زاهیری خۆی وەکوو، چۆنیەتیی لیباس لە بەر کردن و زۆر ئەداو ئەتواری جحێڵانەی تر نەداوەو زیاتر گرینگی بە فێربوون و زانست داوە. خاوەن کار داوای لێکرد کە بڕواو دوای چەند کاتژمێری دیکە بگرێتەوە تاکوو ئیمتحانی لێ وەربگرێ! مەبەستی ئەوە بوو کە ئیمتحانێکی هێندە دژواری لێوەرگرێ کە نەتوانێ لێی سەرکەوتوو بێت. لە کاتی تاقیکردنەوەکەدا، هەر کە پەیامێکی خێرا گەیشتە دەزگای تێلگرافەکە، ئیدیسۆن تێگەیشت کە کارمەندەکانی وێستگەکە دەیانهەوێ، گاڵتەی پێ بکەن و پێی رابوێرن. بە جۆرێك دایاننابوو کە ئۆپێراتۆری تێلگرافەکە لە نیویۆرکەوە پەیامەکانی بۆ بەرێ دەکاو دەنگەکە تا دەهات خێراتر دەبۆوە، بەو شێوەیە دیانەویست تەوژمی بخەنە سەر، کە دان بەوە دابنێت بەو خێراییە توانای شت نووسینی نیە. بەڵام ئیدیسۆن نائومێد نەبوو و هاتە سەر ئەو قەناعەتە کە دەبێ فێڵێکیان لێ بکات و پێیان نیشان بدات کە لەوان زیرەك و وریاترە. بۆ خۆی پەیامێکی بەرێ کردو پەیامی بە ئۆپراتۆری نیویۆرك دا کە "هەی! خەو نەتباتەوە، بە کارەکەت رابگە". ئیدیسۆن بەم کارەی کۆتایی بە گاڵتە و فشقیاتەکانی ئەوان هێنا و جیاواز لەم ئیشەی، نازناوی خێراترین ئۆپێراتۆری تێلگرافی لە کۆمپانی "وسترس یونیون"ی کردە هی خۆی. ئیدیسۆن لە شاری بۆستۆن دووبارە وەکوو تێلگرافچی شەوانە کاری پێ دراوە. ئیدیسۆن رۆژەکانیشی بە خوێندنەوە و تاقیکردنەوە تێپەڕ دەکرد و شەو و رۆژ تەنیا ٤ کاتژمێری بۆ خەو وئیستراحەت تەرخان کردبوو. ئیدیسۆن تەنانەت بیرۆکەی یەکێك لە داهێنانەکانی کە بۆ لە ناوبردنی مێش و مەگەز بە هۆی کارەباوە بوو، کەوتە سەریەوە. ئەم بیرۆکەیە لە لایەن ئەو کەسانەی کە لە دیوی تێلگراف کاریان

دەکرد زۆر مەقبوول بوو، بەڵام بەرپرسانی کۆمپانیا پێیان خۆش نەبوو خەڵك هەمووی بزانن و ئاگادار بن، لە ڕێگای ئەو ڕۆژنامانەی کە لە لایەنگرانی ئەو بیرۆکەیە بوون و چاپ و بڵاویان کردبۆوە. ئیدارەی تێلگرافی بۆستۆن بە ئەندازەیەك مێش و مەگەزی لێ بوو کە دەبوو لە بیری ڕێگایەك دابن بۆ لە ناوبردنیان. ئێستاکە ئیدی، ئیدیسۆن داهێنەرێکی تەواو عەیار و پسپۆڕی لێ دەرهاتووە.

لە ماوەیەکی کەم دا یەکەمین داهێنانی کە دەزگایەکی کارەبایی بۆ تۆمارکردنی لاپەڕەکانی دەنگدان بوو، تەواو کرد و ئیدارەی تۆمارکردنی داهێنانەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان لێیان قەبووڵ کردو وەرگیرا. دوای ئەوە ئیدیسۆن ساغ بۆوە کە کارەکەی بە جێ بێڵێ و تەواوی کاتی خۆی بۆ لێکۆڵینەوە تەرخان بکات. لە ساڵی ١٨٦٩ی ز، کەمێکی پووڵ قەرز کرد و چوو بۆ نیویۆرك. لە ماوەی ٣ ساڵی یەکەمی مانەوەی لە نیویۆرك هێندەی نەمابوو لە برسان بمرێ. ئیدیسۆن لە دیوێك دا کە هی کۆمپانیایەك بوو، ئیسراحەتی دەکرد و زانیاری سەبارەت بە نرخی "اجناس"، بۆ ناوەندی بازرگانی نیویۆرك بەڕێ دەکرد. ڕۆژێکیان دەزگایەك کە هەواڵەکانی سەبارەت بە زێڕی چاپ دەکرد لە کار کەوت. ئەو ڕۆژە ٦٠٠ بانك و ئۆرگانی بازرگانی لە زانیاری سەبارەت بە کڕین و فرۆشتنی زێڕ بێبەش بوون. ئیدیسۆن ئەو دەزگایەی بۆ چاککردنەوە. بەو هۆیەوە، پێشنیاری کارێکیان وەك سەرپەرستی ئەوێ بەمانگی ٣٠٠ دۆلار یارمەتییەوە پێ کرد. ناوبراو لێبڕاوانەوە بە جیددی کاری دەکرد و تاکوو هێندێك چاکسازی لەو دەزگایە دا پێك بێنێ و زۆر لە بەشەکانی بۆ دروست بکات. "تایپی یۆنیوێرساڵ"ەکەی کە لەو سەرو بەندەدا دروستی کردبوو، زانیاری تەواوی سەبارەت بە نرخەکانی زێڕ بە جێگای چەند پیت و وشەی کورتکراوە کە پێشتر، تایپی دەکرد. ئەمە بە یەکەمین سەرکەوتنی گەورەی ئەو دادەنرا. ژەنراڵ مارشاڵ "لفرتز" بەرپرسی کۆمپانیای تێلگرافی زێڕ و شتوومەکی دیکە ئەم داهێنانە و چەندین داهێنانی دیکەی بە نرخی ٤٠ هەزار دۆلار لێ کڕی. ئیدیسۆن بەم پووڵە دەستی بە کار کرد و کارخانەیەکی لە "نێو وارك" لە ئەیالەتی نیوجێرسی دانا. زۆری پێ نەچوو زیاتر لە ١٥٠ کەسی دامەزراند لە کارخانەکە، دەزگای دانانی نرخی شتوومەکیان "اجناس"، دروست دەکرد و ئیدیسۆنیش بۆخۆی درێژەی بە کار کردن لە سەر بیرۆکە نوێیەکانی دەدا. جارێکیان لە تاقیگاکەی، یەك جێ ٤٥ داهێنانی جیا جیای لە بەر دەست دابوون کە لەنێویاندا چەندین چاکسازی گرینگ لە تێلگراف دا، وەبەرچاو دەکەوت. ئیدیسۆن ڕێگایەکی بۆ بەڕێ کردنی ٢ پەیام لە یەك کاتدا بۆ ٢ ڕاستای جیاواز و هەروەها ڕێگایەك بۆ بەڕێ کردنی ٢ پەیام لە یەك کات و ڕاستادا دۆزییەوە. لە ساڵی ١٨٧٤ی ز دا سیستمێکی داهێناو بە "وسترن یونیۆن" ی فرۆشت کە دەتوانرا، ٤ پەیام بە هۆی وایەرێکەوە یانی لە هەر ڕاستایەکدا،٢ پەیام ئیمکانی بەڕێ کردنی هەبوو. دیارە، سیستمێکی نوێی بۆ بەڕێ کردنی تێلگرافەکان تەواو کرد. ئەم داهێنانانە بوونە هۆی ئەوە کە کۆمپانیای "وسترن یونیۆن" تەنیا لە بابەتی کۆکردنەوەی پارەی وایەرو عەموودەکانی "دارتێل" تێلگراف بە میلیۆن دۆلار وەسەریەك نێن. هەر لەو ڕوانگەوە "وسترن یونیۆن" پێشنیاری بە ئیدیسۆن کرد لە هەوڵی دروستکردنی تەلەفۆنێك دا بێ کە لە باری ئابووری‌یەوە کەم خەرج و بۆ کەڵك لێوەرگرتن بێت. دیارە پێشتر "الکساندر گراهام بل" داهێنانی تەلەفۆنی تۆمار کردبوو، ناوبراو تەنیا دەنگی تەلەفۆنی دروست کرد کە

تەنانەت لە مەودایەکی کەم دا بۆ بیستن نەدەبوو. ئیدیسۆن چەندین چاکسازی و گۆڕانکاری لە تەلەفۆن دا، پێك هێنا کە لێی قەبووڵ کران و بیرۆکەکانی ئێستاش لە تەلەفۆنەکاندا بە کاری دێن.

"وسترن یونیون" سەبارەت بەم داهێنانەی ئیدیسۆن، ١٠٠ هەزار دۆلاریان پێ دا، لە کاتێك دا کە سەرپەرشتی بنەماڵەیەکی دەکرد (ئیدیسۆن لە ساڵی ١٨٧٣ی ز، لە گەڵ "ماری استل ول" ژیانی هاوبەشی پێك هێنا)، داوای کرد بە جێگای پێدانی ئەو پووڵە هەمووی لە سەر یەك، ساڵێ ٦٠٠٠ دۆلاری بۆ ماوەی ١٧ ساڵ پێ بدەن. بەم شێوە دەیتوانی لەگەڵ ئەوەی کە بنەماڵەکەشی بەڕێوەبەرێ، جارێکی دیکە تەواوی هۆش و بیری بە لای کارەکەیەوە بێت. لە ساڵی ١٨٧٦ی ز، ئیدیسۆن لە "منلو پارك" سەر بە ئەیالەتی نیوجێرسی کارگەیەك و تاقیگەیەکی دانا. لەمە بەدواوە بە هۆی دۆزینەوەو داهێنانە سەرسوڕهێنەرەکانییەوە، وەك جادووگەری "منلو پارك" دەیانناسی. ئیدیسۆن دەستی کرد بە خوێندنەوەو تاوتوێ کردنی هەوڵ و زەحمەتی کەسانی دیکە بۆ داهێنانی گڵۆپێکی شیری (لامپ الکتریکی التهابی). ئیدیسۆن زۆر جار هەوڵی دا، گڵۆپێك دروست بکا کە رووناکایی باشی هەبێ و لە چوارچێوەی ماڵەوەدا بۆ کەڵك لێوەرگرتن بێت. ناوبراو پێش لە دۆزینەوەی ماددەیەك کە بتوانێ "فیلامان"ی گڵۆپەکەی پێ ساز بکا زیاتر لە ٢٠٠٠ ماددەی تاقی کردەوە. ئیدیسۆن پێویستی بە ماددەیەك بوو، کە لە کاتی تێپەڕینی تەزووی کارەبایی لە کاتێکیش دا لە نێو چوارچێوەیەکی شووشەیی و بێ هەوا دابێ، توانایی گەرم کردن و رووناکاییشی هەبێ.

ئیدیسۆن بۆ بە دەست هێنانی باشترین ماددەی بە کەڵك ١٠٠ هەزار دۆلاری خەرج کرد و کەسانێکی بۆ، هیند، چین، برازیل، و ژاپۆن نارد تاکوو ئاخرەکەی ئەو ماددە پێویستییەی لە ژاپۆن وەدەست کەوت و دییەوە. لە ژانویەی ١٨٨٠ی ز، داهێنانی گڵۆپی ئێلێکتریکی تۆمار کرد. دواتر ئیدیسۆن کارخانەیەکی لە "منلو پارك" بۆ بەرهەمهێنانی گڵۆپی ئێلێکتریکی و مەحەتەیەکی کارەبایی "نیروگاه برق" لە نیۆیۆرك دامەزراند. ١٥ ساڵی پێ چوو تاکوو گڵۆپی کارەبایی لە نێو خەڵك و بیروڕای گشتی دا، جێی گرت. بە دوای ئەوەدا، بازرگانی بەرهەمهێنانی گڵۆپی کارەبایی بە ئەندازەیەك گەشەی کردو پەرەی سەند کە ئیدیسۆن توانی بەشی خۆی لە بەرهەمهێنانی گڵۆپ دا زیاتر لە یەك میلیۆن دۆلار بفرۆشێ. رۆژێکیان لە ساڵی ١٨٧٧ی ز، ئیدیسۆن سەرقاڵی چەندین تاقی کردنەوە لە سەر تەلەفۆن بوو، کە بینی لە کاتی قسە کردن لە تەلەفۆندا، دەرزییەك، کە بەشێك لە دەزگاکە بووو ئەو کات لە گەڵ دەنگی ئەو سەروو خواری دەکرد، ئیدیسۆن بە خێرایی دەستی بە داڕشتنی دەزگایەك کرد کە ئەم حەرەکەتانە و لە ئاکام دا خودی دەنگەکەش تۆمارکا. ئیدیسۆن وێنەی دەزگاکەی لە لاپەرەیەکدا کێشاو بۆ یەکێك لە هاوکارەکانی نارد و ئەویش دەزگاکەی بەو شێوەیە کە ئیدیسۆن دەیویست، دروست کرد. ئیدیسۆن دەزگاکەی بە دووپات کردنەوەی ئەو شێعرە منداڵانەیە "پیاوێك بەرخێکی چووکەی بوو" تاقی کردەوە. دوایە دووبارە دەزگاکەی وەکار خست و دەنگەکەی کە لە دەزگاکەدا زەفت (خزن) ببوو، بیستی. لە راستی دا ئیدیسۆن فۆنۆگراف (گرامافۆن، شێوەی کۆنی زەبتی سەوت) ی داهێنابوو. هەرچەند دەزگاکەی سەرەتایی و سادە بوو،

بەڵام دەسپێکێك بوو بۆ سەنعەتێکی گەورەی گرامافۆن و دواتریش زەبتی سەوت.

دواتر، ئیدیسۆن ئەم پرسیارەی لە خۆی کرد، کە ئایا دەتوانین وێنەی جووڵەدار دروست کەین؟ یان بە واتایەکی دیکە "بۆ چاوەکانیش هەر ئەو کارە دەکرێ کە بۆ گوێچکەکان کراوە". ئیدیسۆن بە هاوکاری کۆمپانیای "ایستمن کداك" کە دروستکەری کامێرای وێنەگرتن و فیلمەکانیەتی (فیلمی کۆداك)، بۆ دروستکردنی فیلمێکی وێنە گرتن کە تایبەتی کەڵك وەرگرتن لە وەها دەزگایەك دا بێت، دەستی کرد بە لێکۆڵینەوەو تاوتوێ کردن. لە ماوەیەکی کورت دا توانی وێنەی کورت و جووڵەدار دروست کاو ئەوکات مێشك و بیری زیاتر لە سەر ئاوێتەکردنی فۆتۆگراف و وێنەی جووڵەدار بۆ بەرهەمهێنانی دەنگ و رەنگ تەرخان بکا و سەرنجی زیاتری بداتێ.

هەرچەند ئیدیسۆن لەم بوارەدا سەرکەوتنێکی ئەو تۆی بە دەست نەهێنا، بەڵام زۆربەی ئەو ئووسوول و رێگا حەللانەی کە بە دەستی هێنا، هەر ئەوانەن کە ئێستاکە لە فیلمە دەنگدارەکاندا کەڵکی لێوەر دەگرن. ئیدیسۆن لە ماوەی ژیانی دا زیاتر لە هەزار داهێنانی جیا جیای تۆمار کردوە. ناوبراو هیچکات لە هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی عیلم و زانست و فێربوون و پەیداکردنی ریگای جۆراوجۆر بۆ ئەوەی زانست لە خزمەت ئاسایش و بەرزراگرتنی ئینسانەکاندا بێ، نەوێستاو هەدای نەدا. شایەد کۆی هەموو داهێنان و دۆزینەوەکانی ئەو لە مێژووی مرۆڤایەتی دا، زیاتر لە هی هەر کەسێکی دیکە بۆ ئاسایش و حەسانەوەی خەڵکی تەئسیریان داناوە.

ئیدیسۆن لە ١٨ی ئۆکتۆبەری ١٩٣١ی ز، لە تەمەنی ٨٤ ساڵی لە ماڵی خۆی لە "ارنج"ی نیوجێرسی ماڵاوایی کرد و چەند رۆژ دورتر لە تەواوی وڵاتە یەکگرتووەکان بە ئیفتیخاری پیاوێك کە داهێنانەکانی، ژیانی تەواوی خەڵکی دونیای گۆڕی و لە رێگای حەسانەوەی ئەواندا هەوڵی دا، گڵۆپەکانیان بۆ ماوەی ١ خولەك گوژاندەوە. ئەم سوونەتە هەموو ساڵێك لەو وڵاتە بەرێوە دەچێ. دیارە خوا هەڵناگرێ، لای ئێمە نەك هەر لە ساڵ دا، بەڵکوو لە هەر شەوو رۆژێکدا بە کاتژمێر رێزی لێدەگرین و سوونەتەکە دەبەینە رێوە !

**بلیمەتی ئیدیسۆن، لە سەدا یەکی خورپەو بەهرەیەو لە سەدا نەوەد و نۆشی هەوڵ و نووچ نەدانە.**

سەرچاوە:

**اطلاعات علمی، ژمارە ٥**